محەممەد سەڵاح دەگاتە سعودیە بۆ تەواوکردنی گرێبەستی لەگەڵ یانەی ئیتیحاد

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاشکرایان کردووە کە یاریزانی نێودەوڵەتی میسری محەممەد سەڵاح، یاریزانی یانەی لیڤەرپوڵ ئینگلیزی، دەگاتە شاری جیدەی سعودیە بۆ تەواوکردنی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ئیتیحاد.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی "عکاز"ـی سعودی، کە لە هەژماری فەرمی خۆی لە ئەپی "ئێکس" بڵاویکردەوە، "نێردراوی یانەی ئیتیحاد ڕێککەوتنی گواستنەوەی ئەستێرەی میسری محەممەد سەڵاح بۆ یانەکە تەواو کرد کە لە یانەی لیڤەرپولی ئینگلتەراوە دێت و یاریزانەکە ئێوارەی رۆژی هەینی (1 ئەیلولی 2023) بە فڕۆکەیەکی تایبەت دەگاتە شاری جیدە".

جێی باسە، یانەی ئیتیحادی سعودی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی 150 ملیۆن پاوەند بدات بە واژۆکردنی هەرشبەری لیڤەرپول محەممەد سەڵاح لەگەڵ یانەکە.